# ماوسێک بۆ هەموو تەمەنێک



ماوس کە وەك شـــاكليلی كردنەوەی كۆمپيوتەر و چوونە ناو پرۆگرامەكان رۆڵی خۆی دەبينیێ، لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنۆلۆژيـــای ســـەردەم ئەويش گۆڕانكاری لـــە ديزاين و كاركردنيـــدا پێك دێت. كۆمپانيای "ســـمارت فيش" كە پێشـــەنگە لەداهێنانی نوێدا، ماوسێكی دروستكردووە كە دەتوانیێ بەو جۆرەی بەكارهێنەر حەزی لێـــدەكات لە پەنجەكاندا جێی خـــۆی بكاتەوە. ئەو ماوســـە كە بە هەر چواری دەوری خۆيدا دەسوڕێتەوە، بۆ هەموو دەســـتێك دەگونجێت، ئيدی جياوازييەك بۆ مرۆڤە چەپ دەست و راست دەستەكان نامێنیێ.

# بە قسەکردن مۆبایلەکان شەحن دەبنەوە




دوو توێـــژەرەوەی بواری ئايتی لەوڵاتی كۆريا بەسوود وەرگرتن لە تەكنۆلۆژيای نانۆ شـــێوازێكيان دۆزيوەتەوە كە بەهۆی ئەوەوە دەكریێ بە قسەكردن مۆبايلەكان شەحن بكرێنەوە.

"يۆنگ جون پارك" و "سانگ و كيم" لە كۆمپانيای سامسۆنگ بەو سەركەوتنە زانستييە گەيشتوون كە دەكـــریێ تەنيا بە قســـەكردن مۆبايل شەحن بكرێتەوە.

بەهۆی تەكنۆلۆژی ئەو دوو پسپۆڕەی ئايتی دەكریێ هەموو دەنگێك وزەيەكی كارەبا پێك بهێنیێ و ئەو وزەيە دەكریێ مۆبايلەكەی پیێ شەحن بكرێتەوە.

IT
گوڵان
ژمارە (٧٩٩)
٢٠١٠/٩/٢٧

# مۆبایلێک بۆ ژیان



مۆبایل هەر زۆر بەزوویی کارکردەکانی تەنیا لەسنووری قسەکردن و پەیوەندیگرتندا نەما و زۆر لە ئەرکەکانی وەك کامێرا، ریکۆردەر، پلەیەری دەنگ و رەنگ، هەڵگری داتا و فایلەکان...تاد بە مۆبایل ئەنجام دەدرێن. مۆبایلی ئایفۆن کە گۆڕانکارییەکی نوێ بوو کۆمپانیای ئەپڵ لەجیهانی مۆبایلدا پێکی هێنا، بازنەی کارەکانی لەو ئەرکانەی ئاماژەمان پێدان لەوەشدا نەماوەتەوە، بگرە مۆبایلی ئایفۆن وەك ئامێرێك بۆ دکتۆرەکان، وەك گەیمەرێکی باش بۆ یاریە ئەلکترۆنییەکان و وەك رکابەرێکی جددی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێ. ئەوەی لەو وێنەیەدا دەبینن ئەوەیە کە بە ئامێرێکی تایبەتەوە کە لەگەڵ ئایفۆن دادەنرێ، مۆبایلەکە دەبێتە باشترین گەیمەر. بەئاسانی دەتوانی یاری بە دوگمەکانی گەمە بکەی و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ گەیمەری دیکەدا نییە.




## ئەو سایتەی زۆربەی بەرنامەکان دەکاتەوە

زۆرجار هەیە ئەو کۆمپیوتەری کاری لەسەر دەکەین پرۆگرامە گرنگەکانی وەك کۆمەڵە پرۆگرامەکانی ئۆفیس، پرۆگرامەکانی گرافیکی، ئەدۆب ریدەر، میدیا پلەیەر...تاد لەسەری نییە، ئەو کاتە گەر پێویستمان بە یەکێك لەو پرۆگرامانە هەبێ و CD ئەو پرۆگرامانەمان لا نەبێت، چ بکەین؟ باشترین سایتی http://www.spoon.net گرنگەکانی چارەسەرە، ئەو سایتە هەموو پرۆگرامە گرنگەکانی تێدایە، بەبێ ئەوەی کە پرۆگرامەکە دابەزێنینە سەر کۆمپیوتەر دەتوانن لەو پرۆگرامانە سوود وەربگرن. گشت پرۆگرامەکانی وەك کۆمەڵە پرۆگرامی ئۆفیس، "وۆرد، ئیکسەڵ، پاوەرپۆینت..." پرۆگرامی گرافیکی وەك "فۆتۆشۆپ، فۆتۆپلەس..." ئەدۆب ریدەر و پرۆگرامە گرنگەکانی دیکە لەو سایتەدا هەن، بەڵام پێویستە فایلێکی 26 میگابایتی لەو سایتە دابەزێنینە سەر کۆمپیوتەر بۆ ئەوەی کە ئەو پرۆگرامانە بکرێنەوە.

## ئەو چاویلکەیە پەیڤەکان دەکاتە نووسین

زۆر لەو کەسانەی نابیستن و گوێیان گرانە، دەتوانن بە شێوازی جووڵەی دەم و لێو لە قسەکان بگەن، هەرچەندە ئەوەش پێویستی بەراهێنانێکی زۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جار هەیە قسەکان پێچەوانە حاڵی دەبن. تەکنۆلۆژیای زانیاری، بیری لە چارەسەری ئەوەش کردۆتەوە، ئەو چاویلکەیە کە "مادیس" دروستی کردووە، لە رێگەی مایکێکەوە دەتوانێ دەنگەکان وەربگرێ و پاشان دەنگەکە بکاتە دەق و لەسەر شوشەی چاویلکەکە نیشانی بدات.





# ئەو دیسکتۆپەی دەبێتە لاپتۆپ

کۆمپیوتەری Inspiron جـۆری duo کە لەگەڵ سیستەمی ویندۆزی 7 دەگونجێت خاوەنی پرۆسێســەرێکی دوو ناوکی ئەنتەلە، کە هەم وەك کۆمپیوتەری سەرمێز سوودی لێوەردەگیرێ و هــەم وەك لاپتۆپێك هەڵدەگیرێ. بــە داهێنانی ئەو کۆمپیوتــەرە گۆڕانکارییەکــی بنەڕەتــی لەجیهانی کۆمپیوتەردا پێك دێت، ئیدی ســنووری جیاوازی نێوان کۆمپیوتەری سەرمێز و کۆمپیوتەری لاپتۆپ نامێنێ.

# ئەو گـوێزەی بە پـەنج



لەم ســەردەمەدا هەر ڕۆژە ئامێرێکی نوێــی دیجیتالی بە دیزاین و کارکــردی تایبەتەوە بەرهەم دێت، یەکێك لــەو ئامێرە دیجیتالیانە MP3 Player کە لەلایەن گەنجەکانەوە پێشوازییەکی گەرمی لێوە دەکرێ.

ئــەوەی لەو وێنەیەدا دەبینن پلەیەرێکــی نوێیە کە دیزاینەکەی تا ڕادەیەك سەرنج ڕاکێشە، ئەو بەرهەمە دیجیتالییە لەلایەن کۆمپانیایەکی چینییەوە بەرهەم هاتووە، زیاتر وەك گوێزێك دەچێت و سایزەکەشــی بەقەد گوێزێکە، کە بە ئاســانی لە پەنجەکانــدا جێ دەگرێ. خاڵی ســەرنج ڕاکێشی ئەم ئامێــرە لەوەدایە کە تەنیا بە ســوڕاندن لــە پەنجەکاندا شــەحن دەبێتەوە. ئەو ئامێرە هیچ دوگمەیەکی نییە تەنیا هەســتیارە بــە پەنجە مۆری خاوەنەکــەی و بەهۆی پەنجەوە فەرمانەکان جێبەجێ دەکات.

# بەم هەنگاوانە فۆڵدەرەکەت لە وون بوون دەپارێزێت

ئەرکــی تێکدەرانەی ڤایرۆســی جــۆری cpy exe ئەوەیە کە فۆڵدەرەکانــی ناو کۆمپیوتــەر ون دەکات، ئەو کاتــەی کردنەوەی فۆلدەر ئۆپشــەن دەکەینەوە دەبینین کــە فۆڵدەرەکە هیدین کراوە، بۆ چاککردنەوەی فۆلدەرە شاردراوەکان دەبێ ئەو هەنگاوانە بگرنە بەر.


1- کلیکی ڕاست لەسەر فۆلدەرە شاردراوەکە بکە

2- پاشان کلیك لەسەر customize بکە


3- دواتر کلیك لەسەر change icon

4- ئەمجارە لەسەر فۆلدەرە شاردراوەکە ئۆکەی دەکەن.


پاشان کلیکی ڕاست لەسەر فۆلدەرەکە بکە و خانەی hidden لا بدە ئەو کات بە سەرکەوتووی فۆلدەرەکە چاك بۆتەوە.




١




٢



٣



٤



٥

# ـــەکان شەحن دەبێتەوە



# بە ئەنتەرنێت زانیاری سەر هاندەکەت بسڕەوە




کۆمپانیای HTC کە یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، بەم دواییانە هاندی جۆری HTC Senseی بەرهەم هێناوە، خاوەنی ئەم هاندە دەتوانێ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە زانیاری سەر مۆبایلەکەی بگوازێتەوە یان بیسڕێتەوە. خاوەنی ئەم هاندە گەر هاندەکەی بدزرێ ئەوەندە بەسە کەسەر لە سایتی کۆمپانیا بدات ئەوکات دەزانێ مۆبایلەکەی لە چ شوێنێکە، گەر حەز بکات دەتوانێ هەموو زانیاری سەر هاندەکەی بسڕێتەوە. تەنانەت هەر لە سایتی HTC دەتوانێ هاندەکەی بکوژێنێتەوە، یان گەر لەماڵەوە لێی ون بوو، دەتوانێ لەسەر سایتەکە جەرەسی بۆ لێبدات و بیدۆزێتەوە. هەموو ئەو کورتە پەیامانەی بۆت دێن، لە ئەدرەسی خۆت لە سایتەکەدا خەزن دەبن.

# پڕۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەلبومی DVD

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروســـتكردنی ئەلبۆمی دیجیتالی كە بە ئامێری DVD paler سەیریان بكرێ، یەكێك لەو پرۆگرامە گرنگانە پرۆگرامی Xilisoft Photo DVD Makerە، ئەو پرۆگرامە یارمەتیتان دەدات كە لە ئەلبۆمی وێنەكانتان، ئەلبۆمێكی DVD دروست بكەن. كارپێكردنی پرۆگرامە گەلێك ئاسانە و تەنانەت ئەوەی كە هیچ شارەزاییەكی ئەوتۆشی لە كۆمپیوتەر نییە دەتوانێ ئەلبۆم دروســـت بكات، تەنیا ئەوەندە بەســـە كە وێنەكانتان بخەنە ناو پرۆگرامەكە ئەو كات ئەلبۆمێك دروست دەبێ. هەروەها دەتوانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئێفێكتی جوان و مۆســـیقای خۆش لەگەڵ ئەلبۆمەكە دابنێن.

هەندێك لە تواناكانی پرۆگرامەكە:

- دەكرێ كوالیتی وێنەكان ڕێك بخرێ.
- زیادكردنی Chapter بۆ DVDیەكە.
- كوژاندنەوەی ئۆتۆماتیكی كۆمپیوتەر پاش تەواو كردنی ئەركەكانی.
- DVDدروســـت كراوەكان بە گشـــت ئامێرەكانـــی DVD ی ماڵەوە لێدەدرێن.




# ئەو پرۆگرامەی SMS ریکلامەکان وەرناگرێ




كـــەم كـــەس هەیە لـــە هەفتەیەكـــدا دوو ســـێ جـــار SMSی ریكلامـــی لەلایەن كۆمپانیاكانی مۆبایلەوە بـــۆ نییە، ئەو SMSانە بەبێ ویســـتی ئێوە دێن. جار هەیە لە كاتی ئەنجامدانـــی كارێكی گرنـــگ دای، یـــان چاوەڕوانـــی SMSێك لـــە هاوڕێیەكتەوە دەكەی دەبینی جەرەسی SMSتان بۆ دێت، كە ســـەیری دەكەی SMS لەلایەن كۆمپانیای مۆبایلەوەیەوە. بۆ ئەوەی كە SMS ریكلامی یان هـــەر SMSێك كە حەز نەكەن بۆتان بێت پرۆگرامی SMS Blocker باشـــترین پرۆگرامە، ئەو پرۆگرامە لەگەڵ ئەوەیدا شـــوێنێكی زۆر لە مۆبایلەكـــە داگیر ناكات، زۆریش پێشكەوتووە كە بە شـــێوەی ئۆتۆماتیكی كورتە پەیامە ریكلامییەكان دەناسێ و ئیزنی هاتنیان نادات. هەروەها دەتوانی هەر ژمارەیەك كە حەز نەكەی SMSی ئەو ژمارەیەت بۆ بێ بە بەرنامەكەی بسپێری.




www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008
Email: it @gulan-media.com